**دڵنیاییەکی بێهاوتا**
هەمو ئەوانەی دەرمانیان لە جاودێری نەخۆشی وەرگرتوە، بەشدارییان لە ئەزموونداکردوە یاخود دەرمانیان کڕیوە کە لای apotekی سوید موە فرۆشراون،وە پێیوایە ، یاخود لە فرۆشگەیەک کە مۆڵەتپێدراوە بۆ فرۆشتنی دەرمان بە ڕەچەتە لەلایەن کۆمپانیای دەرمان LFF service AB کە بەستراونەتەوە بە دەرمانەکە زیانی پێگەیاندوە، مافی ئەوەی هەیە کە هەڵسەنگاندنێکی بێ لایەنی بۆ بکرێت. ئەوەی کە لای دڵنیایی داوودەرمان تاووتوێ بکرێت، خێراترین وە ئاسانترین ڕێگایە بۆ قەرەبو وەرگرن لەکاتی زیان پێگەیشتن بە دەرمان. دەرفەتی ئەوەش هەیە کە بابەتەکەت لای دادگا تاووتوێ بکرێت، بەڵام ئەو دەمای داوای بەڵگەهێنانەوە گەورەترە.

## ئەم دڵنیاییە کام لە شێوازەکانی نەخۆش کەوتن قەرەبوو ئەکاتەوە؟

ئەگەر ئێوە تووشی نەخۆشیەک بوون کە بە دڵنیایی کی زۆرەوە، هۆکای ئەونەخۆشیە لەبەکارهێنانی دەوایەک دەازاتن و ئەو ئاسەوارە تەنیشییە بۆ پزیشکەکان پێش بینی ناکرێت، ئینجا دڵنیایی زیانەکەتان قەرەبو ئەکاتەوە.

نەخۆشیەکە ئەبیت لە نەخۆشیە سەرەتاییە کە تان کە لێ رەنج ئەکیشن، رشت تر بێت.
ئەم دڵنیایی یە نەخۆش کەوتن بەهۆی چارەسەرکردنی سروشتی یا خۆ دەرمانی قەرەبو ناکاتەوە. قەرەبو کردنەوە کە نەخۆشیە ڕەوانیەکان ناکریتەبر مەگەر ئەوەی کە روون بێتەوە کە ئەو نەخۆشیە هۆکارێکی فیزیایی بێت.

ئەگەر سەبارەت بە قەرەبو کردنەوەی نەخۆشیەک گۆمانتان هەیە، باشترەکە هەر بۆ تاقی کردنەوەی بارودۆخی خۆتان سەبارەت بە دڵنیایی، داواکاریەک بنێرن بۆ دڵنیایی.

## من بە چە شێوازێک ئەتوانم تەنیشتی دەوایەک ڕاپۆرت بکەم؟

فۆرمیک بۆ داخۆازی تاوان لە کۆمپانیا دڵنیایی AB بۆ زیانە تەنیشتیەکان ئامادە، کراوە ئم فورمە بۆ هەر کەسێک بەزمانی خوی نووسراوە باشتر ئەوەیکە خۆتان ئەم فورمە پربکەنەوە بەڵام ئەتوانن لە ئامۆژیاریک، کارناسێکی ئیدارەی ئابووری، ڕیکخراوەی پشتگیری لە نەخۆشەکان یان شوێنانیکی دیکە بۆ پرکردنەوەی فۆرمەکە پرسیار بکەن.

SLF (Svenska Läkemedelsförsäkringen)
Box 17608
118 92 Stockholm
Tel. 08-462 37 00

لە دوای ئەوەی کە داخوازیەکەتان بەتەواوی پڕ کردەوە و واژووتان کرد، لەگەڵی دا و بە شێوازێکی هاوکات زەرامەندی خۆتان بۆ پێ دانی بریکارێتی بە کۆمپانیای دڵنیایی بۆ کۆ کردنەوە و تاوتو کردنەوەی زانیارییە پزیشکییەکانتان لە نەخۆشخانەکان بۆ دابین کردنی نرخی قەرەبوو کردنەوە، دەربڕیەوە. شکایەتکردن لە زیانپێگەیشتن دەنێردرێت بۆ

## چۆن نرخی زیانی ئاسەواری دەوایەک روون ئە بێتەوە؟

لە دەوای ئەوەی کە ئێوە فۆرمی داواکاری قەرەبو کردنەوەتان پڕ کردەوە، ئەم داواکارییە بەدەستی ڕێکخراوەی داواکارییەکان تاوتو دەکرێتەوە و بەڵگەنامەیەک پێتان ئەدرێت کە نیشان تەدات داواکاریەکەتان لە کاتی تاوتو کردنەوەدایە. هەروەها ریکخراوەی داواکارییە کە پیوستی بە تۆماری پزئیشکی، بروانامەی لەکار کەوتن و وتاری پزیشکەکانە.

پرۆسەی (شیوازی) دابین کردن و تەرخان کردنی نرخی قەرەبوو کردنەوە بە ئامۆژیاری شارەزاکانی بەشی دەوا و دەرمان بەرێوە دەچیت.

له دوای ئەوەی کە پرۆسەی دابین کردنی نرخ کۆتایی هات، سەبارەت بە ئەوەی کە ئێوە ئەتوانن لە قەرەبوو کردنەوەکە کەڵک وەرگرن یا نە، ئاگادار ئەبنەوە.

له دوای ئەم بڕیارەدا، دابین کردی نرخی قەرەبوو کردنەوە کوتایی هاتووە. ئەم کارە ساتە بە گوێرەی یاسا گشتیەکانی ماددەی بەر پرسیارئێتی یاسایی کە مەبەستی لەسەر دڵنیا بوون لە گەڕانەوەی بارودۆخی ئابووری زیان لێ کراو بۆ سەر بارودۆخی پەیش لە تووش بوون بە زیان کە یە، دابین کراوە.

## ئەم پروسە چەند ئەخائینیت؟

پروژەکە بە گویرەی رێژەیەکی ناوەندی نزدیکەی چوار مانگ، لە ئەو روژەوە کە داواکارییە کە پڕ دەکەنەوە هەتاکو ئەو رۆژە کە بڕیاری قەرەبو کردنەوەتان پی ئەدریت، ئەخاینیت. ماوەی بە ئاکام گەیشتنی داواکارییەکان بە گویرەی رێژەی سختی و ئاسانی جیاوازیان هەیە.

ماوەی پێویست بۆ بەدەست هێنانی قەرەبو کردنەوەکە رەنگە بەگویرەی سەلماندنی راستەوخوێ نەخۆشیە کە یان بەدواخستنی بڕیارەکە بە بۆنەی ئەوەی کە شتانێک وەکو بەرانبەر کردنەوەی حساب لە کاتی لەکارکەوتن دا یا قازانچە تەرخان کراوەکان بۆ نەخۆشەکان روون ئەبیتەوە، درێژەی ببێت.

## ئەم دڵنیاییە چ شتانێک دەگرێتەوە؟

دڵنیایی دەواو دەرمان، دڵنیایی نەخۆشیەکان و دڵنیایی هات وچوون لە رێگادا، سێ جور لە دڵنیایین کە دەست بە دەست ئەکرین. ئەم شێوازانەی دڵنیایی بە شێوازیکی ئاسایی و بە گویرەی یاسای بریکاری دڵنیایی کۆمەڵایەتی سوید بە هۆی دڵنیایی یەکی ئاسایی تەندروستی، پرۆسەی قەرەبو کردنەوە ئەنجام نادەن.

ئەگەر بریندار بوون یا نەخوش کەوتنی ئێوە پێویستی بە پاریزکاری پزئیشکی یان خەوتن لە نەخۆش خانە بێت، ئەم نەخوشیە بە هۆی دڵنیایی ئاسایی تەندروستی پشتگیری دەکریت. هەروەها رەنگە کە بۆ ئێوە قەرەبوو کردنەوە بۆ ژان و ئێش و قوربانی بوون (زەرەرمەندبوون)، لەلایەن دڵنیایی دەوا و دەرمان تەرخان بکریت.

هەروەها رەنگە کە خەرجە لاوازەکان کە لە ئاکامی نەخۆشیەکان دا پیش ئەکرویت قەرەبوو بکریتەوە.

هەروەها رەنگە کە دڵنیاییە کە کەم بوونەو و تیک چوونی داهات لەماوەی نەخۆش کەوتن دا، قەرەبوو بکاتەوە.

ئەگەر ئێوە ناخۆشی یا برینداریەکی بەردەوامتان بێت، رەنگە کە قەرەبوو کردنەوەی لە کار کەوتن یان ناتوانایی بەردەوامتان پێ بدریت. ریژەی لەکار کەوتنی پزیکی بە دەست شارەزاکای پزیشکی حساب دەکریت و قەرەبوو کردنەوە بە گوێرەی ریژە تایبەتیەکان ئەدریت.

ئەگەر نەخۆشی یا برینداری ئێوە بەئیت بە هۆکاری خەرجی لاوازی بەردەوام یا ناسانی و ناسازگاری، رەنگە کە ئەم بارودۆخە بۆتان قەرەبوو بکرتیەوە. هەروەها رەنگە کە ئێوە بتوانان قەرەبوو کردنەوەی لە دەست چونی داهات و دیریژە خایان بوونی نەخشی، وەربگرن. کە ئەم قەرەبوو کردنەوە رەنگە کە پارەیەک بۆ داپۆشانی زیان یان پارەیەکی ساڵانە بیت. جاجاریک، ناتوانین دڵنیا بین کە ئایا نەخۆشیەک ئەتوانیت دواجار بگەڕێتەوە بۆ سەر کار یا نە، و لە ئەم شیوازە دا،کۆمپانیای دڵنیایی بارودۆخی تەندروستی ئەوکەسە تا کاتی روون بۆنەوەی، تێ روانی دەکات.

## ئایا دووپارت کردنەوەی داواکاریەکە ئەکریت؟

ئەگەر ئێوە لە بڕیاری کۆمپانیای دڵنیایی دەوا و دەرمان رەزامند نین و دەتانەویت نارەزایی خۆتان سەبارەت بە ئەو بڕیارە دەرببڕن، ئەتوانن لەلای ئەنجومەنی دڵنیایی دەوا و دەرمان (Pharmaceutical Injury Panel) داوکاریەکەتان دووپارت بکەنەوە کە ئەم جار ئەنجومەنێکی سەربەخو کە بریتینە لە شارەزاکانی زانیاریە پزیشکیەکان، لێژنەی دادوەری و بریکارەکانی کار و ئیشە یاساییەکان، کە لە لایەن دەوڵەتەوە دابین ئەکرێن. بیرو ڕای ئەم ئەنجوومەنە زۆرتر ڕاوێژکارانەیە، بەڵام کۆمپانیای دڵنیایی دەوا و دەرمان لە زۆربەی کاتەکان دا ئەم راوێژانە بەرێوەئەبات.

ڕەنگە لە بڕیاری ئەنجوومەنی دڵنیایی دەوا و دەرمانیش ڕەزامەند نەبن. لەم بارودۆخە دا پیویستە کە ئەم ڕەخنە و سکاڵا لە دادگا تاوتۆ بکرێت.

## کێن ئەوانەی لە پشت ئەم بیمەوەیەن؟

نزیکەی هەمو کۆمپانیاکانی دەرمان کە لە سوید کاردەکەن (%۹۲.۸ لە هەمو دەرمانە فرۆشراوەکان) لەناو دڵنیایی کەرەسەی دەرمان دان. ئەمانە کۆمپانیای توێژەرەوەن وە کۆمپانیای کە دەرمانی توخمی - یان هاوردەی چوونیەک دەفرۆشێت. کۆمپانیای تەکنیککاری دەرمانی زیندو، ئەو کۆمپانیانەی کە تاقیکردنەوەی پزیشکەوانی دەکەن وە کۆفرۆشەکانی دەرمان Apoteket AB (för Apoteket Produktion och Laboratorier, APL) وە LFF Service AB ئەمانیش لەگەڵدان.